## بۆ هاوڕێیان کاك عمر ئیلخانی زادە و هاوڕێ جەمیلەی ڕەحیمی

بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە خەبەری کۆچی دوایی و نابەوەختی جگەر گۆشەی خۆشویستان شەویۆی ئیلخانی زادەمان پێ گەیشت.

هەر بەم بۆنەوە خەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرتین وئەو کارەساتە دڵ تەزێنە یادی هەمو ئەو هاوڕێیانەی  کە لە ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد و بزوتنەوە شۆڕگێڕانەکەیدا گیانیان بەخت کردوە لە دڵماندا زیندوی کردەوە . بەم بۆنەوە  سەرە خۆشی گەرمی خۆمانتان پێ ڕادەگەیەنین و خۆمان لە خەم و پەژارەتاندا بە شەریك دەزانین و ئارەزوی سەبر و خۆ ڕاگری شۆڕشگێڕانەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

لە لایەن هەمو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆمەڵەوە

لە سویس